# یەک یان دوو مژین؛ (مارەیی کردن) حەرام ناکەن

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «یەک یان دوو مژین؛ (مارەیی کردن) حەرام ناکەن».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- کە دەفەرموێت (ئەم مانایە دەگەیەنێت): کاتێک منداڵی خوار تەمەن دوو ساڵ یەک جار یان دوو جار مەمکی ئافرەتێک دەمژێت جگە لە دایکی ڕاستەقینەی خۆی؛ ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی ببێتە کوڕی ئەم ئافرەتە لە شیرپێدانەوە (کوڕی شیری)، ونابێت هۆی دروستبوونی مەحرەمیەت (حەرامبوون) لە نێوانیان؛ چونکە مەرجەکانی مەحرەمیەت کامڵ نەبووە، چونکە ئەو شیرپێدانەی دەبێتە هۆی دروستبوونی مەحرەمیەت: حەڵاڵبوون ناهێڵێت ئەگەر منداڵە شیرپێدراوەکە بیەوێت هاوسەرگیری بکات لەگەڵ ئەو ئافرەتەی شیری پێداوە یان بیەوێت هاوسەرگیری بکات لەگەڵ مەحرەمەکانی یان مەحرەکانی مێردەکەی چونکە شیرەکە بۆ مێردەکەی دەگەڕێتەوە [بەهۆی مەنی مێردەکەیەوە ئافرەتەکە سکی پڕ بوو وشیر پەیدا بوو لە سینگیدا]، ودروستە منداڵەکە ئەگەر گەورە بوو بە تەنها بێتەوە لە گەڵ مەحرەمەکانی ژن ومێردەکە وسەفەریان لەگەڵدا بکات چونکە بووە بە بەشێک لەو خێزانە بەڵام هەندێک حوکمی تر نایگرێتەوە. بۆیە ئەم ژمارە کەمە لە شیرپێدانە نابێتە هۆی دروستبوونی مەحرەمیەت لە بابەتی شیرپێداندا، ودەبێت پێنج جار شیری پێبدات ئینجا ئەم مەحرەمیەتە دروستدەبێت بەهۆی فەرموودەیەکی تر هەر عائیشە دەیگێڕێتەوە لە -مسلم- دا: (فنسخن بخمس معلومات) واتە: (هەڵوەشێندرانەوە -نەسخ کرانەوە- بە پێنج جار -شیرپێدانی- زانراو).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58174

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee